# له كاركردی هونه‌ری زمانه‌وه بۆ شیعرستان و نرخناسی مه‌وله‌وی

ره‌ووف مه‌حموود پوور



كاتێك له داوێنی ئینترنێتدا خه‌ریكی گه‌ڕان له فایلی ژماره ٨٤ی گۆڤاری ئاینده بووم، وتارێكی به‌ڕێز كاك عادل محه‌مه‌د پوور سه‌رنجیڕاكێشام: «شیعرستان, دارسنه‌وبه‌ری واژه‌و چه‌ند تێبینییه‌ك له‌سه‌ر نرخناسی هونه‌ره‌كه‌ی مه‌وله‌وی»[١]. به‌لامه‌وه زۆر سه‌رنجڕاكێش بوو، ئه‌ویشم له ئینترنێت دابه‌زاند و كه‌وتمه خوێندنه‌وه‌ی، به‌ڵام هێشتا چه‌ند بڕگه‌م ته‌واو نه‌كردبوو كه بابه‌ته‌كه‌م به‌لاوه ئاشنا كه‌وته به‌رچاو، ئه‌وه‌ش به پێچه‌وانه‌ی ناونیشانی وتاره‌كه بوو، كه زیاترم لێخوێنده‌وه دڵنیا بووم كه ئه‌م وتاره، هه‌مان وتاری جارانه كه پیشتر له گۆڤاری سروه ژماره ٢١٠ی ساڵی ١٣٨٢ی كۆچی هه‌تاوی یان ٢٠٠٣ی زایینی، له ژێر ناونیشانی: « كاركردی هونه‌ری زمان له هه‌رێمی ئه‌فراندن و خه‌یاڵی شاعیرانه‌دا» له‌چاپدرابوو و كه‌وتبووه به‌رده‌ستی خوێنه‌ر.[٢] بۆ دڵنیا بوون وتاره‌كانم پێكه‌وه هه‌ڵسه‌نگاند، دڵنیا بووم كه چ گۆڕانكارییه‌كی له‌سه‌ر نه‌كراوه و خاڵ به‌خاڵ هه‌مان بابه‌ته.[٣]

نامه‌وێ بڕۆمه نێو شه‌ن و كه‌و كردنی وتاره به‌پێزه‌كه‌ی كاك عادل و ئه‌و بابه‌ته به خوێنه‌ری چالاك ئه‌سپێرم، ته‌نیا ئه‌وه‌نده ئه‌ڵێم كه ئاخۆ بۆچی ناونیشانی وتاره‌كه گۆڕاوه، بێئه‌وه‌ی ناوه‌رۆكه‌كه‌ی ده‌ست لێبدرێت !

ڕاستیه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه كه له گۆڤاری سروه ژماره ١٩٦، لاپه‌ڕه ٩ – ١٦ وتارێكی من له ژێر ناونیشانی: «خوێندنه‌وه‌ی خه‌سارناسی له شیعری مه‌وله‌ویدا» چاپ و بڵاوكرابووه‌وه كه ڕوانینێكیتر بوو بۆ ده‌قه‌كانی مامۆستا مه‌وله‌وی، ئه‌م وتاره چه‌پكێ وتاری به شوێن خۆیدا هێنا كه وتاری به‌رباسی كاك عادلیش به هه‌مان ئه‌نگێزه‌وه دابه‌زیوه.[٤]

له‌و وتاره‌دا ئاماژه‌م به چه‌پكێ بابه‌ت كردبوو كه له ڕوانگه‌ی منه‌وه وه‌ك خه‌سار هاتبوونه خوێندنه‌وه، ئه‌مه‌ش پێچه‌وانه‌ی ئه‌و وتار و بابه‌تانه بوو كه پێشتر له‌سه‌ر ده‌قه شیعرییه‌كانی مه‌وله‌وی

نووسرابوون و هەر هەموویان (تائەو ئاستەی من ئاگاداربم) کاک عادل واتەنی لەسەر چەمکی نرخناسی بوون، پەسن و پیاهەڵدان و بەرجەستە کردنی جوانکارییەکان بوون لە دونیا هەرەجوانەکەی مەولەویدا، وەک لەسەرەتای وتاری « خوێندنەوەی خەسارناسی لە شیعری مەولەویدا » ئاماژەم بە پۆلێک لەو هەوڵانە کردووە، هەرهەموویان یەک ڕەهەندین، ئەمەش تایبەتی کۆمەڵگەی ئێمەیە کە زۆر عاتیفی و دڵناسکین و ئیجازەی خوێندنەوەی جیاواز بە بەردەنگ نادەین و ئێمەش لە دونیای ئەدەب و ڕۆشنبیریدا هەروەک سیاسییە دەسەڵاتخوازەکان, ئەو کارانە بە «چەواشەگەری»!! وەسفئەکەین.

کەس حاشای لێناکات کە مامۆستا مەلەوی لووتکەی شیعری کلاسیکی دیالکتیکی گۆرانە و لە ئەدەبی کوردیشدا جێگەو پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو لای ئێمە زۆر خۆشەویست و باڵادەست و سەرتەڵە، جێگەی شانازی و فەخرە، بەڵام وێڕای ئەوانەش، دەقەکانی موقەدەس نین و ئەکرێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە بخوێنرێنەوە و ئەو جۆرە خوێندنەوەیەش نابێتە هۆی چەواشەگەری !!

من سەرم سوڕ دەمێنێ کە بەڕێز کاک عادل دەستە واژەی چەواشەگەری بەکار دەهێنێ، چونکو ئەو ڕستەیەش تاقە ڕستەیە کە لە نێو وتارەکەیدا (کە پێشتر بڵاوی کردبۆوە) گۆڕاوە.

دیارە چەواشەگەری ئەبێ لە پێناو مەبەستێکدا بێت، بەڵام من تەنیا خوێندنەوەی خۆم دەربڕیوە، تەنانەت گریمان خوێندنەوەکەش بە باوەڕی بەڕێزیان هەڵە بوو، بۆ دەبێ بیخاتە بازنەی چەواشەگەریی و وتارەکەی لە خوێندنەوەیەکی زانستی و ڕاگۆڕینەوە بگوازێتەوە بۆ کارێکی هێرشبەرانە و مەبەستدار؟!

من قەت نەمویستووە لە پێگەی بەرزی مامۆستا مەولەوی کەمبکەمەوە، بەلای منەوە نەوەک تەنیا مامۆستا مەولەوی شاعیرێکی پایەبەرزە، بەڵکو بە پێی ئەو دەقانەی تا ئێستا لەبەردەستمدان دەسپێکی ڕەخنەی ئەدەبیی و تەنانەت ڕەخنەی مودێرنە، ئەو بۆچوونەم لە وتارێکی چڕدا بە ناوی « بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی و بزاڤی مەولەوی» دەربڕیوە.[٥]

یان لە شێوازی کلاسیکی دیالیکتیی گۆرانەکان و تەنانەت شیعری ڕۆمانتیکی کوردیدا، مەولەویم بە سەرتەڵ ولووتکە وەسف کردووە: « شێوازی بێسارانی دواتر لەلایەن مەولەوی تاوەگۆزییەوە پەروەردە ئەکرێت و لە شێوازی خۆیدا ئەگاتە لووتکە، مەولەوی هەرچەند لە قوتابخانەی بێسارانیدایە، بەڵام خاوەن دەنگی تایبەت و خۆییە. هەوڵەکانی دێنە بەرهەم و لەو ڕێبازەدا وەک لووتکە ئاوازە ئەدەنەوە.»[٦]

حەتمەن کاک عادلی خۆشەویست ئاگاداری ئەو بۆچوونانەیە، چونکو وتارەکەی ناوبراو لە گۆڤاری سروەی ژمارە ٢١٠ دا بڵاوکراوەتەوە کە ئەکەوێتە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بۆچوونانە.

وەک لە وتاری «خوێندنەوەی خەسارناسی لە شیعری مەولەویدا » ئاماژەمپێکردووە؛ ئەو خاڵە لاوازانـــەی کە من پۆلێنم کـــردوون، بۆ کەمدەسەڵاتیی مەولەوی ناگەڕێنەوە و بانگچڕی ناتەوانی هونەریی نین، بەڵکو بە باوەڕی خۆم ئەو بابەتە بۆ ئەو کەمتەرخەمییە دەگەڕێتەوە کە مەولەوی سەبارەت بە شیعرەکانی هەیبووە، وەک ئەزانین زۆربەی شیعرەکانی شاعیر موناسەبەتی و نامەگۆڕینەوەن، بگرە لەو کاتانەشدا زۆر سەرنجی بەوە نەدابێت کە فلان نیو بەیت یان فلان مۆتیڤ دووپاتئەبێتەوە، ئەو بۆخۆی شیعرەکانی خۆی کۆ نەکردووەتەوەو پێداچوونەوەی لەسەر نەکردوون، هەر ئەمەیش بووەتە هۆ تا چەپکێ دیاردەی زەق بە قەوارەی شیعرەکانەوە بەدیار بکەوێت، وەک: دووپاتبوونەوەی نیوفەرد و مۆتیڤ و وێنە و تەشبیە و پێکهات، بەرتەسکبوونەوەی بازنەی وشە و مۆتیڤ و ئامرازەکانی وشە و دەربڕین و....

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە مامۆستا مەولەوی سەرنجی زۆری لەسەر ڕەوانبوون و بە مۆسیقا کردنی باری زمان و بابەتی کێش داوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆ تا هەندێ دیاردەی زەق ڕوو بدات، بۆ

نموونە؛ بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی دۆستی هێژام کاک عادل، من لەسەر ئەو قەناعەتەم کە یەک لە دوو وشەی« خەیلیٚ فراوان» تەنیا لەبەر ڕەوانبوونی کێش هاتووە، ئەگینا «خەیلیٚ» و «فراوان» یەک مانا ئەدەن و چ پێویست بە دابەزاندیان لەپاڵ یەکدا نییە، ئەویش لەو فەردە شیعرییەدا:

ئارەزوو مەندیم جە حەد ویەردەن
فراوان خەیلیٚ تاسەی تۆم کەردەن

هەرچەند من زۆر بابەتیترم نەخستووەتە بەرباس، ئەگینا هەر لەم دێرەدا « تاسەی تۆ» کە موزاف و موزاف الیەن، بەهەڵە گلێر کراونەتەوە، چونکو لە ڕێزمانی دیالیکتی هەورامیدا، لەبری «ی»، دەبیٚ « و» دابەزێت، کەواتە ئەبوا « تاسەوتۆ» بوایە، بەڵام مامۆستا مەولەوی ئەو کارەی لەسەر ڕێزمانی دیالیکتی سۆرانی ئەنجامداوە.

کە ئەڵێم گلێر کردنەوەی ئەو دوو وشەیە لەبەر کێش و مۆسیقایە، نموونەی تریشمان هەر لەو دیوانە بەنرخەکەی مامۆستادا لەبەردەستە:

ئامان هەی ئازیز شای نەونەمامان
گلەم هەن جە تو خەیلیٚ فراوان

وەک دیارە لێرەدا جێگەی «فراوان» و «خەیلیٚ» دێتە گۆڕان، ئەمەش بۆ خزمەت بە مۆسیقای شیعرەکەیە، نموونەی ئەم جورە کارانە لە دیوانەکەدا بەرچاو ئەکەون، وەک لە وتاری ئاماژە پێدراودا هەندێکیانم پۆلێن کردووە.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم، ئەویش هەڵەیەک بوو کە لە لایەن خۆمەوە لە کاتی ناردنی وتاری «خوێندنەوەی خەسارناسی لە شیعری مەولەویدا » بۆ گۆڤاری سروە ڕوویدا، ئەویش بەوجۆرە بوو کە لە بری ئەوەی ئەو دەقە بنێرم کە پێداچوونەوەی کۆتایی لەسەر کرابوو، بە قەناعەتی خۆم پوخت و پاراو ئامادەی چاپبوو، دەقە ڕەشنووسەکەم ناردبوو، ئەو دەقەش ناتەواو و ناقس بوو، بەتەما بووم دەقە ئامادەکراوەکە لە جێگەی خۆیدا چاپبکەم، بەڵام بەداخەوە پرۆژەکەم دێری کردووە، بەڵام لەبار نەچووە، هەرچەند ئەو هەڵەیەی من نابیٚ کار بکاتە سەر خوێندنەوەی خوێنەر و کاک عادلیش مافی خۆیەتی قەزاوەت لەسەر ئەو دەقە بکات کە لەبەردەستیدایە.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئاماژە بە جۆری خوێندنەوەی تەنیا ئەو دوو بەیتە بکەم کە لە لایەن کاک عادلەوە زەق کراونەتەوە، ئەم خوێندنەوەیەش بەشێکە لە دەقە ئامادە کراوەکە کە ئاماژەمپێکرد.

یەکەم: بەیتی

نام نەسەرزوان شیرینش تاڵم
نام پەی ئاترش گەردەن خەیاڵم

لەتایبەتییەکانی شیعری مەولەوی ئەوەیە کە بە جۆرێک لەگەڵ وشەدا گەمە ئەکات و لە ڕەهەندی «هاونشینیدا» بە جۆرێک وشەکان لە پاڵ یەکدا ئەچنێت کە گومان و وەسوەسەی زۆر لای بەردەنگی چالاک درووستئەکات، ئەمەش لە کارە هونەرییە بەرزەکانی مامۆستای هێژا مەولەوییە، هەر لەم دێرەدا ئەکریٚ ڕاوەستە لە سەر « گەردەن خەیاڵ» بکرێت و بە وەردانەوەی ئەم پێکهاتە (ئەڵبەت ئەگەر بە خوێندنەوەیەک وەک پێکهات سەیری بکەین»، چەند خوێندنەوەمان لەسەر شیعرەکە هەبێت.

یەکەم ئەگەر «گەرد» بە جیا بخوێنینەوەو مانا سەرەکییەکەی کە بۆ هەر خوێنەرێکی تەنانەت تەمەڵ و ئاساییش لە یەکەم نیگادا خۆی بەدەستەوە ئەدات، بە تەپ و تۆز و گەردی خاک، کە لە دیوێکیترەوە وەک مزاحیم و ناحەز و نابەدڵە، بخوێنینەوە، مەبەستی مامۆستا ئەوە بووە کە بە کەسی موخاتیبی خۆی بڵێت: یادو بیر و بوونی من لای ئازیز ئەوەندە قەڵس و نابەدڵە کە تەنانەت ناوبردنی زاری شیرینی ئەو تاڵئەکات و یادکردنەوەشی وەک گەردێکی ناحەز بەسەر خاتریەوە ئەنیشیٚ.

ئەمەش ئەوپەڕی ناسک خەیاڵی شاعیر پیشانئەدات، کارێکی هونەرییەو شاعیرانە داڕێژراوە،

بەڵام ئەکرێ لە خوێندنەوەیەکیتردا « گەردەن خیاڵ» بە لەونێکی دیکە بخەینە بەر سەرنج:

نام نەسەرزوان شیرینش تاڵم
نام پەی ئاترش، گەردەن خەیاڵم

ئەگەر بەمشێوەیە بێت ئەوا پێکهاتی گەردەن خەیاڵ زۆر ناقڵۆکارە و لە بازنەی ناوسیاو سڕینەوەشدا جێگەی نابێتەوە، دیارە ئەگەر وەها بێت ئەکرێ بێژین کە خوێندنەوەکەی مامۆستا مودەڕیسیش لە جێگەی خۆیدا نییە، لە وەها خوێندنەوەیەکدا ئەکرێ بێژین کە خەیاڵ تەنیا لەبەر ڕێککەوتن و هاوسەروا بوون لەگەڵ تاڵدا هاتووە.

دووهەم: لە بەیتی:

تەپ و دووی دوکەڵ هەناسەت بەرز بۆ
ناڵەت چە ناڵەم چە هەزار تەرز بۆ

لەم بەیتەشدا هەر وەک ئەوەی پێشوو، هونەرکاریی شاعیر جەرجەستەیە، بەتایبەت ئەگەر لەسەر « هەناسەت بەرز بۆ » ڕاوەستە بکەین، ئەگەر واژەی «بەرز» بۆ تەپ و دووی دوکەڵ بگەڕێتەوە، ئەوا ئەبێتە دوعای شەڕو نفرینێکی ڕقاویی کە شاعیر ئاراستەی بەرانبەری ئەکات، ئەمەش ساناترین مانایە کە لە یەکەم چاوپێخشاندندا خۆی بە دەستەوە ئەدات و بەدیار ئەکەوێت، بەڵام وەک پێشتریش وتم؛ شیعرەکانی مەولەوی زۆر جار بەجۆرێکن کە خوێنەر ناچار ئەکەن تا ڕاوەستەی زیاتریان لەسەر بکات و گۆشەنیگاکان بۆ خوێندنەوەیان چڕتر بەسەرنج بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو خوێندنەوانەش بۆ خوێنەری عادەتکردوو جۆرێک تووڕەبوونی پێوە بێت، بەڵام ئەوە خودی داڕشتنی شیعرەکانە کە خوێنەر ناچار ئەکات تا بەوەها سەرنجدانێک هەستێ، ئەمەش بۆ بەرزی شیعرەکان و چەند واتایی بوونیان ئەگەڕێتەوە نەک وێرانکردنیان!!

ئەگەر لەم بەیتەشدا وەهای بخوێنینەوە کە «هەناسە بەرز» یەک پێکهاتەو لە برگەی تەپ و دووی دووکەڵ بە جیایە، ئەوا جۆری بۆچوون و واتاکردنەوەکەش ئەگۆڕێت.

تەپ و دووی دووکەڵ، هەناسەت بەرز بۆ
ناڵەت چە ناڵەم چە هەزار تەرز بۆ

لە وەها گۆشە نیگایەکەوە ئەکرێ بێژین کە بەرز لەوانەیە بە مانای توند بوون و گیران هاتبێت و بە واتایەکیتر هەمان« هەناسەسواری» خۆماڵیانەی لای خۆمان بێت، ئەویش کاتێکە کە مرۆڤ دووچاری تەنگەژەی نەفەسدان و تەنگی نەفەس ئەبێت و هەست بە خنکان ئەکات.ئەو ناڵە و هاوارەش کە دوعای بۆ کراوە لە هەزار تەرز بێت، وەها گۆشەنیگایەک بە سەرنجتر ئەکات، چونکو ناڵەو نکە پاش گیران نەفەس و هەناسەسواری بەدەنگ دێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە مامۆستا مەولەوی لەو شیعرەدا نەیگوتووە: « تەپ و دووکەڵو هەناسەیت بەرز بۆ»، ئەگەر وەها بوایە ئەوا کارەکە یەک ڕەهەندی و یەک واتایی ئەکرا و کارێکی هونەریی کە شیاوی باسکردن و ڕاوەستە کردن بێت بەدەستەوە نەئەدرا، بەڵام مامۆستا مەولەوی ئەو شیعرەی بەجۆرێک داڕشتووە کە وەسواسەی چەند واتایی بوونی، سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشبکات.

نموونەی ئەو کارە هونەرییانەی مەولەوی کە وەک وتم بە جۆرێک وشەکان دەچنێت کە باری چەند واتایی بەشیعرەکانی ببەخشێت، لە دیوانەکەیدا زۆرە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ئەم بەیتە بدەین؛

نەیچی سالێدەر قەزات وەماڵم
دەمی دەر چە نەی دەروون زووخاڵم

ئەگەر دەروون زووخاڵ بۆ خودی شاعیر بێت، ئەوا ماناکەی دیارە و هەر خوێنەرێک لە یەکەم نیگادا ئەم مانایەی بۆ دەر ئەکەوێت، بەڵام ئەگەر وردتر و چالاکانەتر سەرنج بدەین، گومانی ئەوە دەمانگرێت کە بپرسین ئاخۆ دەروون زووخاڵ بۆ نەی ناگەڕێتەوە؟ واتە شاعیر نایەوێت بڵێت کە

نەیچی قەزات لە مالم بکەوێت، دادەی دەمێک لە نەیەکە بدە (ئەو نەیەی کە دروونی زووخاڵە؟!).

دیارە ئەگەر ئێمە تەنیا بە یەک ڕەهەند شیعرەکان بخوێنینەوە، نە کارێکی شازمان کردووەو نەخزمەتمان پێکردوون، ئەگەر بە دوو ڕەهەندیش بیانخوێنینەوە (کە چۆنییەتی دارشتنی شیعرەکە ئەو بانگەشەیە دەکات) ئەوا کاری چەواشەگەریمان نەکردووەو دووچاری هەڵەی تێگەیشتن نەبووین!!

ئەم کورتەیە بەشێکە لەو وتارەی کە باسمکردو بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا بەتەواوی ئەکەوێتە بەردەستی خوێنەر.

لە کۆتاییدا ئەڵێم کە مەبەستی من نە وێرانکردنی قەڵای هونەری مەولەوی بووە و نە ئەوکارەم بەمەبەستی چەواشەگەری ئەنجامداوە، تەنیا ویستوومە خوێندنەوەی خۆم لەسەر دەقەکانی مامۆستا مەولەوی دەرببڕم، ئەمەش بە قەناعەتی من خزمەتکردنە نەک چەواشەکردن، چونکو من بە خەستی و زۆرچڕ چوومەتە نێو زەریای شیعرەکانی مەولەوی و لاموایە کە مەولەوی نەک هەر شاعیرێکی بەرزە، بەڵکو سەرەتاو دەسپێکە بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی لە شیعری کوردیداو بگرە یەکەم کەسیش بێت کە تەشک و ناوەرۆکی لە یەک جیا کردووەتەوە.(٧)

جارێکی کە، دەستخۆشانە بە کاک عادل ئەڵێم کە جارێکیتر وتارەکی خۆی بڵاوکردووەتەوە، هیوادارم نموونەیان زۆر بێت.

هیوادارم هەموومان ئەو بیرە بەرز و نوێخوازانەی مەولەوی کە بانگەشەیە بۆ نوێبوونەوەی بەردەوام، بکەینە چرای ڕەوتەکانمان و وەک قەڵایەکی پاڵپشت بۆ نوێبوونەوەو تازەگەریی سەیربیکەین. ئەو ئەفەرمێت:

هەرکەس تەوەلود دووبارەش نییەن
ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نییەن
ها نە ئەشکەنجەی پەستی و نەنگەدا
تا مەنزڵ گێرۆ نەسای سەنگەدا

ئەوەش ئەڵێم کە هەرکەس پێی خۆشە تا ئەو وتارەی من « خوێندنەوەی خەسارناسی لە شیعری مەولەویدا» بخوێنێتەوە، ئەتوانێت بەم ناونیشانە پێوەندیم پێوە بکات، ئەڵبەت دووپاتی ئەکەمەوە کە ئەوەی لە ژمارە ١٩٦ گۆڤاری سروەدا بڵاو کراوەتەوە ڕەشنووسی ئەو باسەیە.

**پەراوێزەکان:**

١ ـ گۆڤاری ئایندە؛ ژمارە ١٨٤ لاپەڕە ٩٤ ـ ٨٣

٢ ـ گۆڤاری سروە، ژمارە ٢١٠ لاپەڕە ٢٤ ـ ١٣

٣ ـ تەنیا دێڕێک کە گۆڕابوو ئەمە چەند واژەیە بوون: وتارەکەی گۆڤاری سروە: کاک ڕەووف دیسان، نرخ ناسی هونەری مەولەوی بەخەسار گەیاندووەو خۆی تووشی هەڵەی هەڵێنجاندن و ڕاڤەی زمانیی بووە.( هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٣). وتارەکەی گۆڤاری ئایندە: کاک ڕەووف دیسان، نرخ ناسی هونەری مەولەوی بەخەسار گەیاندووەو خۆی تووشی هەڵەی زەقی تێنەگەییشتن و چەواشەکاری زمانیی بووە. (ئایندە لاپەڕە ٩٤)

٤ ـ بۆ نموونە وتارێکی بە پێزی بەڕێز کاک کەیهان عەزیزی بە ناوی: « چاو خشاندنێک بەسەر وتاری خەسارناسی لە دیوانی مەولەویدا» کە لە ژمارە ٢٠٠ گۆڤاری سروەدا بڵاوکرایەوە.

٥ ـ گۆڤاری سروە، ژمارە ١٩٩, وتاری « بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی و بزاڤی مەولەوی» نووسینی: ڕەووف مەحموودپوور

٦ ـ گۆڤاری سروە، ژمارە ٢٠٨, وتاری « ڕەهەندەکانی ڕەوتی جیاوازخوازی لە شیعری کوردیدا» نووسینی: ڕەووف مەحموودپوور

٧ ـ بروانە بۆ گۆڤاری سروە ژمارە: وتاری سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبیی و بزاڤی مامۆستا مەولەوی، نووسینی: ڕەووف مەحموود پوور